# تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانیی وموزیکی کەلەپووری ومیلیی کوردی

**ID No. 266**

(PP 143 - 160)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.5.9

**امانج غازی شاکراغا**
بەشی هونەرەکانی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
amanj.shaker@su.edu.krd

**محمد عزیزشاکرزازا**
بەشی هونەرەکانی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
mdzaza@hotmail.com

**محمد عبدالله کاکەسوور**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
makakasur@yahoo.com

**وەگـــــرتن : 2022/04/10**

**پەسندکردن : 2022/05/31**

**بڵاوکردنەوە : 2022/10/25**

**پوختە**

شوناسی خەڵک بە زمان و هونەرو فۆلکلۆرو داب و نەریت و مێژوو دیاری دەکرێت، بۆیە بێگومان ئەوبابەتە زیندووانە گەلی کوردیش دەگرێتەوە، کە تیایدا پابەندبوونی توند بە داب و نەریتی میراتی باپیرانەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە هێشتنەوەی زۆرێک لەو خوو و ڕەوشتانەی و کە پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە موزیک و گۆرانی چڕینەوە هەبوو گۆرانی چڕینی کوردی وەک هەڵگری تێکڕای مانا هونەریەکانی بابەتەکە، هێما بۆ فراوانیی ژینگەی کورد وسروشتی وولاتەکەیی وسیفاتی گەلەکەی دەکات. بۆیە ئەم هونەرە بووەتە بەشێک لە ئەرک ودەربرینی نەتەوەی کورد. گۆرانی پانتایی و شوێنێکی دیار لە نێو شێوەکانی ئەدەبی زارەکی کوردیدا داگیر دەکات، بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی پتەولە نێوان گۆرانیی و بۆنە کوردیەکان لە ساتی دەرب‌ڕینی خۆشی بەختەوەری، هەروەها لەکاتی هەستکردن بە خەم و ئازارەکانیشەوە. ئەم جۆرە هونەرە، واتە هونەری گۆرانی وا دەخەمڵێندرێ کە هێندەی دیرۆکی کورد کۆنبێ، چونکە یەکەم یاوەریی و دەرکەوتن و ناساندنی لەگەڵ پەرەسەندنی هۆشیاریی کورد چەکەرەی کردووە و لە شێوە سەرەتایی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و کلتوورەکەیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە.، موزیسیان و ژەنیار و دانەرانی موزیک پاراستن و گەشەپێدانی ڕۆحیی موزیکی کوردی لە ڕێگەی کار و نووسین و چالاکی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییەوە لە ئەستۆ دەگرین. بێگومان ئەمەش تێکڕا دەکەوێتە ژێر شوناسی موزیکی ڕەسەنی کەلەپووری ومیللیی کوردی.هەروەها کار و گەشەکردنیشی بە وریاییەوە بابەتێکی هەستیار و هەنووکەییە. چونکە ئەمەیان جیاوازە لە گۆڕانکاری کردن یان ڕەتکردنەوەی بابەتەکە بە گشتیی. بۆیە پێویستە بزانین فۆلکلۆر چییە و بە وشیارییەوە بیخوێنینەوە ودواتر بە شێوەیەکی هاوچەرخ و نوێگەرییانە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە ناوەرۆک و چەمکەکانییەوە زیندووی بکەینەوە.

**وشە کلیلەکان:** موزیک، گۆرانی، کەلەپوور، میللی، کورد.

## ١-١ پێشەکی:

کورد لەگەڵ نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس یەکێکە لەو گەلانەی ڕۆژئاوای ئاسیا، کە هەر لە کۆنەوە ماڵباتی وولاتە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێران و باکوری عێراق و ڕۆژهەڵاتی سوریایان لە مێژوودا کردووە بە لانە ونیشتیمانی خۆیان. لەگەڵ بوونی چەندین وەشانی وشەی کورد کە ڕەنگە هەندێک جار ئاماژە بە مانا وچەمکە جیاوازەکان بکەن، وەک ئەوەی کە ئێستا دەکاردەبردرێن، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ولەسەردەمی مەسیحییەتەوە بگرە، تا ئەمڕۆش، ئەم بابەتە گرنگە چەمکی ئەو کەسانە دەگرێتە خۆ کە خاوەنی هەموو ئەو بەرژەوەندییە نەتەوەییانەن، کە لە قۆناغە مێژووییەکانی ناوچەکانی نیشتەجێبوونیاندا گەشەیان کردووە. (جمال، ١٩٩٠: ل ٧)

کۆمەڵگای کوردی عێراق، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی [١] خۆی هەیە، کە جیاوازن لەگەڵ کۆمەڵگەی عەرەبی - عێراقی، لە ئەنجامی ژینگەیەکی جیاواز لە سروشتی جوگرافی و کەش وهەوای خۆیدا، ناوچەکانی بە جیاوازی تۆپۆگرافی لە ڕووی سروشتیی جیاوازی خاکەکەیەوە دیاری دەکرێن. ئەم جیاوازییە سروشتییە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر خەڵک ودانیشتوانی ناوچەکە لە زۆر لایەنی کلتووری و چێژ و ئێستێتیکاوە، بۆیە ئەم بابەتە بووە هۆکارێکی سەرەکی، کە کۆلەڵگای کوردی لە کۆمەڵگاکانی دیکە جیا کردەوە، کە لە هەمان سنووردا نیشتەجێبوون. (محمد، ٢٠٠٩: ل 560)

گەلی کورد خاوەن گەنجینەیەکی فۆلکلۆریی دەوڵەمەندە، کە نەوە دوای نەوە دەوڵەمەندتری کردووە. ئەم فۆلکلۆرە لە تراژیدیا و نەهامەتی گەلی کورددا بە روونی دیارە هەستی پێدەکرێ، لە ململانێ خێڵەکییەکانیشدا هەمیشە فۆلکلۆر داوای هاودەنگی و پێکەوە ژیان لە دژی هێرش و داگیرکارییە دەرەکییەکان دەکات و دژییان وەستاوەتە وەو بە بەردەوامی بۆ خۆشەویستی و جوانی سروشت گۆرانی دەچڕێت. فۆلکلۆری کوردی ویستویەتی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی فەراهەم بێ، لە کاتێکدا کە باس لە ئازایەتی و نیشتمانپەروەری دەکات و هیچ کاتێکیش دەست لە خیانەت و ترسنۆکەکانیش ناپارێزێت. (حصاف، ٢٠٠٩: ل ٩٣).

بۆیە لێرەدا کەلەپووری کلتووریی گەلی کورد ئەو بنەمایەیە کە سەروەرییەکانی ڕوناکبیری وزانستی ، ڕۆحی و داهێنانی شارستانییەتەکانمانی لەسەر بنیاد نراوە و تێیدا بابەتە ڕەسەن ونموونە وستانداردەکانمان لە بەها نەتەوەییەکانمان بۆ فەراهەم دەکەن و توخمەکانی ڕزگاربوون لە پاشماوەکانی دوێنێ بە پێشکەوتن وگەشەسەندنی بەردەوام وەلا دەنێن، تا دەگاتە ئەوڕادە و بیر وڕایەی کە کەلەپووری کلتووری دەتوانێ متمانەی بەردەوام بە ڕۆڵەکانی ببەخشێت. (الحافظ، ٢٠٠١: ل ١٠)

بۆیە نابێت مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی هیچ نەتەوەیەک بە شێوەیەکی بێ گیان و ڕۆح لێک بدەینەوە و هەروەها ناکرێ ئەزموونی نەتەوەکانی تر بە هاوسەنگیەکی ورد لەگەڵ بواری شیکردنەوەی ئەزموونی گەلی کورد بەراورد بکرێن، بەڵکو دەبێت لە بواری برەودان بە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی وئەدەبی گەلی کورد، سوود لە ئەزموون و میتۆدەکانی شیکردنەوەی ئەوانی تردا وەرگرین و دەبێ بەرهەم و بیرۆکەکانمان، تێبینی و ژیانمان هاوسەنگییەکی نوێی شیکردنەوەی پێ ببەخشین، کە بە شێوەیەکی تۆکمە لە هاوسەنگی نەتەوەکانی تر نەچێت و لەهەمان کاتیشدا بە لا ڕێدا نەبردرێت و بەتەواوی لێی لانەدات. (رسول، ١٩٧٠: ل ١٤١)

ڕەهەندی لیریکیی کۆمەڵگای کوردی هەمان ڕێچکەی پەرەسەندن وگەشەکردن وپێشکەوتنی، وەک کۆمەڵگاکانی تری( عەرەب و فارس وتورک) پەیڕەو کردووە، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی ژینگە وبێوێنەیی بارودۆخەکە وسروشتی پەیوەندییە ئەخلاقی وسۆزدارییەکانی، بۆیە هێڵی ویژدانی وسۆزداری ویەکپارچەیی گۆرانی کوردی بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکپارچەیی خاک ومێژوو وزمان و داب و نەریت و پێکهاتە تایبەتمەندییەکان سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش بێگومان هەنگاونانێکی گەورەیە بەرەو ئاشکراکردنی توخمە ڕەسەنەکانی کلتووریی ئەم کۆمەڵگایە. (الهاشمي، ٢٠٠٦: ل ١-٩)

**٢-١ کێشەی توێژینەوە:**

سەدان ساڵ پێش ئێستا ناوچەکانی سەرەوەی ڕووبارەکانی دیجلە وفورات کۆمەڵێک هۆزیان لەباوەش گرت، کە بە درێژایی سەدەکان هاوژیانیی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی زمانیان سەلماندبوون وبە کۆڵەگەی گەلی کورد ناو دەبران. ئەم بارودۆخە لە دوای ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی کە بەسەر گوزەرانیان هات لە ڕووی کلتوورییەوە پەیوەستبوو بەو کاریگەریانەی کە لەژیانی ڕۆشنبیری وئاینی سەرجەم گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیا ڕوویاندا. بۆیە بێئاگابوون لە دیراسەتکردنی ئەم لایەنەی مێژووی کورد تا ئێستا بۆتە یەکێک لە کێشەکانی ورووژاندنی مێژووناسان بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا. (جمال، ١٩٩٠: ل ٧)

سەرەڕای داگیرکارییە کاتییەکانی کوردستان، ئەم گەلە کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەهاتۆتە سەر داب و نەریتەکانیان. ئەو بیانیانەی کە هاتوونەتە کوردستان، کەلەپووری نەریتیی خۆیان پاراستوو بۆیە دەبینین کە کۆمەڵگای کوردی بۆ چەندین سەدەیە، بە پەیوەندی و دابونەریتیی بەهائامێز بەڕێوەدەبرێت. سروشتی چیا و دۆڵ وسەختیی شاخەکانی بونەتە قەڵغانێکی گەورە بۆ تێکنەشکان و مانەوەی بەردەوام. بۆیە پێکهاتەی خێڵەکیی ئەم کۆمەڵگایە، هەروەها پرسی جێگیربوونی ئەم داب و نەریتانە هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی پاراستووە. (فاید، ٢٠٠٨: ل ١١)

لە یاوەریکردنێکی کلتووری ئەو نەریتانەدا و لە بواری هونەری بە گشتی و لە گۆرانی چڕینی کوردی بەتایبەتی وەک هەموو بابەتە زیندووەکانی تری بوارەکانی کۆمەڵایەتی و هزری و سیاسی کە ڕەنگدانەوەیەکی واقیع بینانەی ئەوسەردەمانەیە کە بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا بەرجەستە ببوو هەروەها ئاماژەو هێمایەکی دیاریش بوون بۆ ژیان وژیاری کوردی وسروشتی وڵاتەکەی وسیفاتی گەلەکەی، کە بێگومان جۆری هونەرەکەیان بە گۆرانی چڕینیشیانەوە چێژبەخش وکاریگەردەردەکەوتن، ئەمەش ڕاستی وگەواهی شوناسی گۆرانیی وموزیکی کەلەپووی ومیلیی کوردی دەسەلمێنێت. (الجاوشلي، ١٩٦٧: ل ٤٨)

توێژەران پێیان وایە، موزیکی ڕۆژهەڵاتیی بریتییە لە موزیکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات، واتە ئەو ناوچەیەی کەجیهانی عەرەبی و فارسەکان و هەندێک لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وباشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەخۆدەگرێت. ئەم موزیک دەرکەوتنە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە موزیکی ڕۆژئاوایی کە بێگومان ڕەنگدانەوەی مۆرکی ژیانی ڕۆژهەڵاتیی ئەو گەلانەیە بە جیاوازی کلتوورەکانیانەوە. بەشێکی زۆری نەوەکانی ئێستا لە دانەرانی موزیک وهەروەها ئامادەکارانی ئەو بوارە لە موزیسیانانی

کورد، نەک گرنگی بە کەلەپووری پڕ لە وانەی موزیکی نادەن، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەبابەتی موزیکی وپاشماوەی موزیکی عەرەبی و تورکی و فارسی و ڕۆژئاوایی دەبەستن، بۆیە دەبینین بنیادی موزیکیان سەرەڕۆیی و بێ ئەزموونییەکی ڕادەبەدەری تێدایەو هەرئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە موزیک وئاوازەکانیان لە ڕووی کلتووری وکەلەپوورییەوە هیچ ڕەگ وڕیشەیەکی ڕەسەنی نییە.

شارستانێتی، کەڵەکەبوونی چەندایەتی نییە وتەنها درێژکراوەی کاتیش نییە بە پێوەرێک لە پێوەرەکان، هەروەها هەموو پێشکەوتنێکیش بە مانای هەڵاتنێکی بەردەوام نییە لە ڕابردوودا و پەشێوییەکی هەڵچوونی تورەییش نییە ڕووە وبابەتێک کە هەرچییەک بێ بۆ ناو هەر شتێکی نوێ. کەواتە ئێمە بە هیواوە پێویستمان بەوەیە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ فۆلکلۆردا دەکەین؟ کە بێگومان ئەوەیان پشت بە تێگەیشتن لە ناوەرۆکی فۆلکلۆرەوە دەبەستێت. (زازا، ٢٠٠٥: ل ١٥٣)

**٣-١ گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیکی کەلەپووی و میللیی کوردی و یەکێکە لە توێژینەوە پێشەنگەکانی پۆلێنی خۆی بۆ خوێندنەوەی سیستماتیکی ئەو پێکهاتانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە ئەمەشیان بەشداری لە پرۆسەی گۆرانی و موزیکی نەریتیی کوردی دەکات، بە دەربڕینی ئێستێتیکا و ڕەخنەی بنیادنەرەوە، کە خزمەتی چڕینە هونەرییەکان دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تۆکمە و بەهێز ئەم نموونانە بخوێندرێن، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەومیراتە تژیە لە دەوڵەمەندی هونەریی و پێکهاتە هونەرییەکانی موزیک و گۆرانی کەلەپووی و میللیی کوردی دەخاتە ڕوو. ئەمەش ئاسانکاری بۆ پرۆسەی گەڕان و بە ئەرشیفکردنی موزیک و گۆرانی کوردی دەدات، بە شێوەیەکی پۆلێنکراو و جۆرا و جۆر. بۆیە توێژەران هەوڵ دەدەن ئەو هاوکێشە هونەرییە بدۆزنەوە، کە چەمکی پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیکی کەلەپووی و میللیی کوردی و جوانی هەستەوەری شاراوەی شاکاری موزیکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**٤-١ ئامانجی توێژینەوە:**

ئاشکراکردنی پێکهاتە وتایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانی وموزیکی کەلەپووی ومیللیی کوردی وگرنگیی خۆیان لە دەوڵەمەندکردنی لایەنی ئەدا لە (دەنگ وئامێر) دا.

**٥-١ سنووری توێژینەوە:**

**سنووری کات:**

بریتین لە پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی وموزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی لە چارەگی کۆتایی سەدەی پێشوو(سەدەی بیستەم). ( ١٩٧٦ –١٩٨٥)

**سنووری شوێن:**

سەنتەری شارەکانی (هەولێر- دهۆک) لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

لە دەسپێکدا وەک پێداویستییەکی گرنگ، هەردوو چەمکی گۆرانی وموزیکی کەلەپووری و گۆرانی وموزیکی میللی لە لایەن توێژەرانەوە، خراونەتە بەر ڕۆشنایی پێناسەو شرۆڤەکردنەوەو جیاوازی هونەریی دروست بوون و بەکارهێنانیشیان بەوردی شیکراونەتەوە

**گۆرانی وموزیکی کەلەپووری:**

مەبەستمان لێی کۆمەڵێک ئاوازو میلۆدی و وشەو تێکستێکی ئەدەبییە، کە لە ڕابردوودا لە لایەن و باپیرانەوە ژەنراون و چڕدراون و بەم شێوەیە بوون بە میرات، بۆیە لە ڕێگەی ئەم گۆرانییانەوە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کاراییەکانی دەزانرێت و لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە ئەم گۆرانییانە زۆرگرنگن لەوەی کە مەیلی تاک بەهێز دەکات و بەجۆرێک کە زیاتر بە زێدی خۆیەوە دەینووسێنێت.

هەروەها گۆرانی وموزیکی کەلەپووری ئەوموزیک و گۆرانییانەن کە مرۆڤەکان بە شێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیگوازنەوە و دانەری تێکستی شیعر و میلۆدییەکەی نادیارن و لەناو خەڵکی گشتیدا بەناوبانگن و بە شێوەی نۆتەی موزیکی نەنووسراونەتەوە، بۆیە بەهۆی گواستنەوەی زارەکی هەمیشە گۆڕانکاری لە تێکستی شیعر و میلۆدییەکەیدا ڕویداوە .

گۆرانی وموزیکی کەلەپووری بە ڕاستییە بەستراوەکانییەوە باس لە سوڕی ژیانی مرۆڤ دەکەن، هەست و سۆزی جەماوەری تێدایە و وەڵامی خۆزگەوئاواتەکانیان و پەیامی زیندوویی نەتەوەی هەڵگرتووە، بۆیە ئامرازێکی جەوهەرین بۆ خۆراکدانی ویژدان و بەرزکردنەوەی ڕۆحی خۆبەخۆ بۆ پەیوەندییەکی ناوازە لەگەڵ کایەکانی تری ژیان و ژیاریەوە. موزیک وگۆرانی کەلەپووری بەگشتی بەرهەمی گەلانە نەک تاکەکان، واتە موزیک وگۆرانییە کەلەپوورییەکانی کورد بەرهەمی دانیشتوانی گشتیی یان گروپەکانن، لەوانەیە بە یەکێکیان دەستی پێکردبێت وبە یەکێکی تر تەواوکرابێت و لە یەکێکی تریشەوە بۆی زیادکرابێت، بەڵام دوای کەڵەکەبوونی هونەری و دووبارەکردنەوەیان بە بەردەوامی بە درێژایی مێژوو بوونەتە شوناس وبەرهەمی خەڵک وجەماوەر بە گشتیی.

گۆرانی وموزیکی کەلەپووری بە شێوەی زارەکی تایبەتمەندە، لە ڕێگەی یادەوەری بەکۆمەڵەوە لەسەرخۆ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە و لە هەر نەوەیەکدا کەسانێک لە گروپە جیاوازەکان (پیاو ژن، پیر، گەنج) هەن کە نوێنەرایەتی یادەوەری بەکۆمەڵ دەکەن لەڕووی گۆرانییەوە، بۆیە ئەوان سەرەڕای درێژیی تێکستی شیعری و میلۆدی و تەوەرەکانی، بە دڵ وشەو مێلۆدییەکەی ئەزبەر دەکەن.

**گۆرانی وموزیکی میللی:**

گۆرانی وموزیکی میللی گوزارشت لە حاڵەتە سۆزدارییە جیاوازەکان دەکەن، یان هاوڕێیەتی بەدیهێنانی ئەرکەکانی ڕۆژانە دەکەن، خۆکارانە دروست دەبن و لە هەستێکی زگماکی و پێویستییەکی غەریزەیی لەخۆوە سەرهەڵدەدەن. تێکستێکی شیعری دانراو یان باو یاوەری ئاواز و میلۆدییەکە دەبێ کە بنەچەی دانەرەکە نادیارەو لە سەردەمی ڕابردوودا لەناونیمچە خوێندەوارو نەخوێندەوارەکاندا بەربڵاو بووەوتا ئێستاش لە بەکارهێناندا زیندووەو لە ئەنجامی کارلێکردنێکی ڕاستەوخۆ لە ژیانماندا بە سوڕی کاتیی یەک لە دوای یەک لە ماوەی یەک نەوە یان چەند نەوەیەکدا دەگاتە مەبەستی خۆی.

ئەو گۆرانی و موزیکە میللیە خەڵک دروستی کردووەو لە ویژدانی خۆیانەوە دەریدەکەن و هیواکانی خۆیانی تیادا دەردەبڕن و دووبارەی دەکەنەوە و دەیگوازنەوە، ئەو گۆرانییانە بنەچەیەکی ئەدەبییان هەیە وخاوەنی دەق و تێکستەکانییان کەسانی دیارو ناسراون ومەرج نییە گەل دانەری بێت، بۆیە ئەم بابەتە زیندووە ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات کە کۆمەڵگەی میللی پێویستیەتی. گۆرانی وموزیکی میللی خێرا بڵاودەبێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆریش لە ویژدانی خەڵکدا دەژی و بە ئاسانی لەلایەن گەلەوە دەگوازرێنەوە، جونکە گۆرانییەکی سادە ئاوازو میلۆدییە کە ئاوازدانەرە ڕەسەنەکەی نەناسراوە، بەم شێوەیە بووتە موڵکی هەموو خەڵک و لە دۆخی گۆرانی میللیدا تێکستە ئەدەبییەکانی کارەکتەرێکی مێژوویی و جۆرێک لە تایبەتمەندی و یەکدەنگی لە فۆرم و ناوەڕۆکدا لەگەڵدایە، بۆیە هەمیشە نوێنەرایەتی ڕۆح و بیروباوەڕ و داب و نەریتی خەڵک دەکات. موزیکی میللیش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەلێک، بۆیە لەو شوێنە دەست پێدەکات کە توانای وشەکان بۆ هەڵگرتنی مانا و بیرۆکەکان کۆتایی دێت. تا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ئاستی موزیکەوە لە سروشتی ئەم گەلە و فەلسەفە و کولتوروو بیروباوەڕ و نەریتەکانی تێبگات، بۆیە دەکرێ بڵێین زۆرێک لە کۆمەڵگاکان، لە ڕابردوو و ئێستادا، درکیان بە پەیوەندی نێوان زمانی ئاخاوتن لە لایەک و گۆرانی و موزیکیش لە لایەکی دیکە کردووە، کە ئەم پەیوەندییە هاوتەریبە لەگەڵ پەیوەندی نێوان ئەوەی کە بەردەوامە و ئەوەی کە وەستاوە. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە لە چوارچێوەی کلتوردا بڵێین، گۆرانی چڕین یان ژەنینی موزیک جیاوازە لە زمانی قسەکردن، هەروەک چۆن جیاوازییەکی بەرچاو لە نێو کولتووری گەلاندا بەدیدەکرێت.

**٦-١ گریمانەکانی توێژینەوە:**

١- موزیکی کوردی لە مێژووی خۆی دانەبڕاوە، چونکە هیچ شارستانێتییەکی بێ پەیوەندی وکارلێک لەگەڵ شارستانیەتی دراوسێیاندا نایەتە کایەوە و پێویستیی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکان زەرورەتی تێکەڵبوونی بابەتە کولتوورییەکان لە ناو گەلانی دراوسێدا دروستدەکات.

٢- ناساندنی میراتی موزیک وگۆرانی کەلەپووری ومیلیی کوردیی، لە ڕۆحی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە دەبێ ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی کتومتی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وکلتووری نێو کۆمەڵگاکەشی بێت.

**٧-١ ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژینەوەیەکی بەدواداچوونی سستماتیکی گشتگیرە بە شێوازی چۆنایەتی ئەنجام دراوە، ئەم میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی گونجاوە. ئەمەش بۆ گەیشتن بە ئەنجامە لۆژیکیەکان کە پشتگیری ئەو گریمانانە دەکەن کە لە توێژینەوەکەدا هەن.

**١-٨ پێداچوونەوەی کارە پێشینیەکان:**

توێژەران هیچ توێژینەوەیەکیان نەدۆزیەوە، کە بە زانستی و ئەکادیمی باسی لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانیی وموزیکی کەلەپووری ومیللیی کوردی کردبێت.

**٢- میتۆدۆلۆجی:**

**١-٢ گۆرانی چڕین لە کۆمەڵگای کوردیدا**

گەورەترین هەوڵ ومکوڕبوون کە گەلانی دێرینی نێو شارستانێتی جیا جیا دەیدەن، ئەوەیە کە پارێزگاری لە ڕابردووی خۆیان دەکەن ولەو ڕابردووە فێردەبن، کە هەموو ئەو بابەتانەی گونجاون بۆ گەشەکردن ودانانی ئایندەی خۆیان تایبەتمەندی کەسایەتییە بەهێزەکەیانە. بۆیە هەمیشە ڕەگ وڕیشە وڕابردوو وداهاتوویان پێوەی بەند دەبن. (محمد، ١٩٩٨: ل ٦)

ناوچەکانی کۆمەڵگای کوردی، بەجۆرەها تۆپۆگرافی لە ڕووی سروشتی جیاوازی خاکەکەیەوە دیاریکراوە و ئەم جیاوازیە سروشتییەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵکی ناوچەکە لە زۆر لایەنی کلتووری و چێژ و ئێستێتیکادا هەبووە، کە ئەمەش خەسڵەتی سیفاتی کۆمەڵگا تایبەتەکانە، کە لە کۆمەڵگاکانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەوە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە پابەندبوونی توند بە داب و نەریت و میراتی باپیرانەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لە هێشتنەوەی زۆرێک لەو بابەتە گرنگە نەریتییانەی موزیک و گۆرانی کە هاودەمی هونەریی ئەو بابەتەن. بۆیە هەمیشە لەم ژینگەیەدا داب و نەریتێک پەیڕەو دەکرێ، کە کۆمەڵگا تێیدا نەش و نمای کردووە. دەوڵەمەندی بابەتی گۆرانی و چیرۆک و داستان و ئەفسانە و پەخشان وشعری لیریکی وهەروەها بوونی کەسانێک کە چێژ لەڕاهێنانی سەما وگۆرانی وموزیک وەردەگرن، هونەرێکی هێناوەتە کایەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا لەگەڵیدا دەژین. (الجزیری، ٢٠٠٠: ل ١٦٥)

پانتایی موزیکی میللی کوردی [٢] پێگە و شوێنێکی گرنگی مێژوویی داگیرکردووە و یەکێکە لە کۆڵەگە کلتووریە موزیکیەکان کە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە ناسینەوەی تایبەتمەندییەکانی موزیکی ڕۆژهەڵات دەکات، چونکە لە ویژدانی گەلی کورد چێندراوە و هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕەسەنێتی و بەشێک لە مێژوو و خۆزگەکانی و واقعییەتی کۆمەڵایەتی و هزری و کولتووریی خۆیەتی، چونکە لێرەدا پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان موزیک و پێداویستییە ڕۆحییەکانی ژیانی مرۆڤی کورددا هەیە. (باقی، ٢٠٠٢: ل ٣)

کورد موزیک ومیراتی گۆرانیان، وەک یەکێک لەچەکە کاریگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕکابەرەکان بەکارهێناوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خۆیان و پەرۆشیان بۆ وولاتەکەیان، هەروەها کوردەکان خاوەنی تایبەتمەندی چڕینی گۆرانی وئامێری موزیکی دەسکردی خۆماڵی بوون کە لە بۆنە فەرمییەکان وئاینییەکانیاندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەبوو. کورد لە سەردەمی پێش ئیسلام وبە درێژایی سەردەمی ئیسلام، ئامێرەکانی یاوەریی گۆرانیی وموزیکیان هەبووە، وەک ئاهەنگگێرانی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) لە هەولێر لە سەردەمی سوڵتان موزەفەر کوکبری (١١٥٣-١٢٣٢). کورد لەنێو ئەو نەتەوانەدا بوون کە ئاوازێکیان بە ناوی "ورە بەرزیی" لە شەڕ و ئاشووبدا بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕۆح وپێگە بوێرانە وەک ئامرازێکی کاریگەر لە ململانێ وناکۆکیەکانی لەگەڵ نەتەوە وگەلانی تردا بەکار هێناوە. لەسەردەمی ئیسلامدا کورد لەبەکارهێنانی موزیک وگۆرانی چڕین لەجەنگەکانیاندا بەردەوام بووە، تەنانەت گۆرانیی تایبەت بە جەنگەکانی هەبووە بەناوی "هەجهەجە". لە فەرهەنگەکانی زمان باس لەوە کراوە کە ئەم زاراوەیە دەنگی هاواری کوردەکان بووە لە کاتی شەڕکردن یاخود چیرۆکی دەنگی کوردەکان بووە لە کاتی بەرەنگارییەکاندا. (توفیق، ٢٠١٠: ل ١٦٢)

دیارە ئەم گۆرانیانە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی زمانەوانانی موسڵمانان لە کاتی شەڕ وپێکدادانەکاندا لەگەڵ کورددا گەیشتۆتە گوێچکەیان، کە زۆرجار ئەم شەڕ وێرانییە لە نێوان کورد وعەرەبە موسڵمانەکاندا لە سەردەمی ئیسلامدا ڕوویانداوە. زرار سدیقی توێژەر پێی وایە کە وشەی "هەجهەجە" لە وشەی "هاژەهاژ" ی کوردییەوە هاتووە، کە تا ئێستاش لەگەڵدا بێ بە واتای ژاوەژاو دێت. لەگەڵ ئەوەشدا کورد لە شەڕەکانی بەرەنگاریدا، ئامێری موزیکی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی گۆرانی جەنگیی خۆی پتر جۆش وخرۆشی هەبێ، لە کاتێکدا عەرەب ئامێری ڕەبابەیان بەکار دەهێنا، کورد ئامێری کەمانچەی بەکارهێناوە. (توفیق، سەرچاوەی پێشوو: ل ١٦٢)

بەڵام موزیکی ئایینی لە نێو زێدی کوردان و لە پەیڕەوی ئایینە کۆنەکانی ناوچەکەدا، وەک ئایینی ئێزدی و زەردەشتییەکان بە تایبەتی بەرجەستە بووبوو دواتریش لە پەیڕەوی ئایینی ئەهلی هەق لە کوردستانی ئێران و هاوشێوەکانی لە کوردستانی عێراق بەناوی کاکەییەکان و لە کوردستانی تورکیاش بە ناوی عەلەوییەکان، کە ئەمەشیان وەک گۆڕانێک لە ناوەکەیدا، نەک لە

بیروباوەڕیان. موزیک و گۆرانی و سەماکردن لەو ئایینانەدا شوێنێکی پیرۆزی هەیە ووەک بەشێک لە رۆحییەتی کۆمەڵایەتی کورد سەیردەکرێ. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی کوردی هەمیشە پارێزگاری لە خودی کیانی خۆی کردووە و لە مێژوویدا لەگەڵ ئەو رووداوە لە ناکاویانەدا کارلێکی نەکردووە و پێشکەوتنیان تەنیا لە ئەنجامی کارلێکردنێکی کۆمەڵایەتی نێوخۆیی لەناو یەکە کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییەکاندا دەرکەوتووە. (الجاوشلي، ١٩٧٠: ل ١٢)

سەبارەت بە کورد لە هەردوو ناوچەی نیشتەجێی شارستانی و لادێیی، گوێ گرتن لە گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەبێتە ئەزموونێکی زۆر کاریگەر، هەروەها وەبیرهێنانەوەیە بۆ ئەوان کە چەند گرنگە لە نێو ئەوانەدا کورد بیت، یان ئەندامێکی هۆزێکی دیاریکراو بیت، یاخود لە ڕەچەڵەکێکی دیاریکراودا بیت، هەروەها پێویستی بە لێهاتوویەکی زۆر هەیە کە گرنگترینیان یادەوەرییەکی فراوانی ناو ئەو ئەڵقە و چوارچێوەی مێژووییە و توانای داڕشتنی چیرۆکێکە لە کاتی گێڕانەوەیەکی موزیکی وئەدایەکی دەنگی کە توانای هێشتنەوەی کۆنترۆلی هونەریی بەرز ڕادەگرێ، هەروەها پێویستە لە مەزاجی چێژ وەرگرتن تێبگەین و لە پێداویستییە تایبەتەکانی بۆنەیەکی تایبەت حاڵی ببین بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئەدای گونجاو بۆ بۆنەکە فەراهەم بکەین کە ئەم تایبەتمەندیانەیان هەیە و ئەم کارامەییانە پراکتیزە دەکەن. بۆیە دواتر لێرەدا دەبینین کە توخمی کارە هونەییەکان لە نێوئەوبۆتەیەدا چەند بە فراوانی دەناسرێنەوە. (کریستنسن، ٢٠٠٧: ل ٧٨)

ئەم گەلە، بە تێپەڕبوونی ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان، سەلماندیان کە کەسانی قەوارەی کۆمەڵایەتین، بە واتایەکی تر، بە چنینێکی کۆمەڵایەتیی و ڕەهەندێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی بەهێز، لەو نەریت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیە سەرەکی و بەهێزانە دوورناکەونەوە. سەرەڕای پێشکەوتنیان بە تێپەڕبوونی کات، لە ڕەگە ڕەسەنەکانیان دوورنەکەوتوونەتەوە و هیچ جیاوازییەکیان لە ئاراستەکردنی کەسایەتییەکەییاندا لەگەڵ بنەچە کۆنەکانیان نەبووە، هەروەها بە هیچ شێوەیەکیش، لە ڕەفتار و داب و نەریتی باو و باپیران لایان نەداوە و بگرە ڕەفتارەکانیان لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە کەسایەتی کورد و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی هەمیشە و تەنیا نوێنەرایەتی مێژوو و نەتەوە و کەلەپووری کۆمەڵایەتی ڕەسەنی کورد دەکات. (الجاوشلي، سەرچاوەی پێشووتر: ل ٢٦)

نەهامەتییەکانی ژیان بۆ مرۆڤی کورد و کارەساتە بەردەوامەکان و تێکشکانی هیواکان، وای کرد کە موزیک و گۆرانیەکانی کوردی، بەردەوام خەم و پەژارەی گیان بچێژێت. لە لایەکی دیکەوە موزیکی کوردی سەرەڕای ئەو هەلومەرجە سەختەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، کەچی لە ژیاندا مایەوە و هەمیشە بە پشت بەستن بە شوێنەوار و بەڵگەی هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی وکەلەپووریی و کولتووری، لە چوارچێوەی ئینتیمای نەتەوەیی کورد و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی وەک شێوازی ژیان و سایکۆلۆجییەتی ڕەفتاری تاکەکانی و چێژی هونەری ئێستێتیکا و خۆزگە و ئاواتی ڕۆڵەکانی، پشتراستی بەردەوام بوونی خۆی دەکردەوە و شوێن و کاتی خۆی فەراهەم دەکرد،. لەم چوارچێوەیەدا توێژەر "فەرید" عێراقی هاوچەرخ بەسەر زیاتر لە ناوچەیەکی جوگرافیدا دابەش دەکات، کە بە ناوچە جیاوازەکان و کەش و هەوا و هەمەچەشنی دانیشتوان و بیروباوەڕی ئایینی و نەریتی کۆمەڵایەتی دیاریان دەکات و سنووری ئەو جوگرافییە هونەرییەش دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە دەسپێدەکات، تا دەگاتە وولاتانی تورکیا و ئێران و هیند. (فرید، ١٩٩٨: ل ١٠٢).

بۆیە ئەم حاڵەتە بە درێژایی مێژوو کاریگەری خۆی دەگواستەوە نێو شارستانیەتی ناوچەکە بەگشتیی، چونکە کلتوورەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە قۆناغ دەگوازرانەوە، بۆیە لە زێدی کورداندا،دەکرێت ئەو گواستراوە هونەرییانە بە ڕوونی هەستی پێبکرێت. کاراکردنی هونەری موزیکی و دینامیکیە بەردەوامییەکەی هەرچۆنێک بێت، دیاردەی ژینگە و هەرێمە جیاجیاکانی ئەو ووڵاتە، وەک "ڕەنگدانەوەی پۆلێنێک لە فرە لایەنی هونەری ئاوێتەی یەکتر دەکات و ڕەچاوی نەش و نما هونەرییەکەی دەکات. (جمال، ١٩٩٠: ل ٣٢٤)

موزیک وگۆرانیی کوردی هیچ کاتێک لە مێژووی خۆی دانەبڕاوە، چونکە هیچ شارستانێتییەکی بێ پەیوەندی و کارلێک لەگەڵ شارستانیەتێکی هاوسێ و دراوسێدا نایەتە کایەوە. پیرباڵ ی توێژەر پێویستیی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکان و زەرورەتی تێکەڵبوونی کلتووریی قۆناغەکانی پەیدابوون و هاتنەکایەوە و پێگەیشتنی موزیکی کوردیی بەپێی ناوەڕۆکی جوانی بۆ سێ قۆناغ گەڕاندۆتەوە، کە بریتین لە قۆناغەکانی: بەرایی و ئایینی و لیریکی. (پیربال، ٢٠١٠: ل ٣٧-٣٨)

بەو شێوەیە موزیک واتە ئاوازو میلۆدی لەلای کوردەکان، هەمیشە ئامرازێک بوو بۆ، ڕێکخستنی کارو کردەوەکانی خۆیی و دەربڕینی خۆشنوودی وهەروەها خەمەکانیشی لە هەمانکاتدا. (فرید، ٢٠٠١: ل ١٢-١٣)

گۆرانی کوردی بەشێکی گرنگی کەلەپووری هونەری موزیکیی عێراقە. ئەم گۆرانییانە وەک حاڵەتی گۆرانییەکانی تری عێراق، بەسەرهەردوو بەشی کەلەپووری میللیی وکەلەپووری فۆلکلۆری سیستەماتیکدا دابەشکراوە، ئەم دوو بەشە لەلایەن ئاوازدانەرێکی خۆڕسکەوە ئامادەکراوە، یاخود لە لایەن ئاوازدانەرێکی مەعریفی، کە خوێندنە موزیکییەکەی بە شێوەیەکی زانستیانە لە ڕێگەی خوێندنێکی چڕی ئەکادیمییەوە ( کۆنسرڤتوار) بەدەستهێناوە. ئەم گۆرانییانە بە شێوەیەکی گشتیی، بە نەریت وگرتنە بەری چێژی تایبەتی هەر ئاوازدانەرێک بەبێ پلان دانان پەرەیان پێدراوە. لە دەسپێکدا شێوازی دروستکردنی بۆتەی موزیکی وبەهۆی فراوان وفرەیی ئەو گۆرانیانەی کە خاوەن هەگبەیەکی کەلەپووری زۆر فراوان بوون ولێکۆڵینەوە سیستماتیکەکان لە زۆر ڕووەوە گرنگیان بە ئەوان نەدەدا وەک ناوەڕۆکە هونەریی وئێستێتیکایەکەی. بۆیە لە ڕێگەی بەستنەوەی پێکهاتە هونەرییەکان وبونیادی فۆڕم، گۆرانیی کوردی لێرەدا وەکو پێداویستییەکی هەمەچەشن وبابەتێکی بنەڕەتیی سەیر کرا و بۆ چەند مەبەستێک وداخوازییەکی هەمیشەیی دەرکەوت. (محمد، ٢٠٠٩: ل ٥٥٤).

ئەم جۆرە موزیکە فۆلکلۆرییە کوردییە، پەردە لەسەر ڕووی ڕۆڵی کارای خۆی ڕادەماڵێ وئێستێتیکا وئەو عەقڵییەتە دەردەخات کە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا زاڵەو ئاماژە بە سەردەمێکی دیاریکراو وچێژی ئێستێتیکایان دەکات، کە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو حاڵەتەیە کە بەهرەی خۆڕسک پێویستییەکی مێژوویی بووە. بۆیە بە دەربڕینێکی ڕاستگۆوە لە کلتوورە میللیەکەیانەوە هەڵقووڵاوە، بەم شێوەیە دەبینین کە موزیکی میللی کوردی هێزی خۆی لە ژینگە جیاوازەکانی وەک ئایین و ئابووری و سیاسی وکلتووری وەردەگرێ.  ئامێرە ڕەسەنەکانی موزیک کە تا ئێستا لەنێو کورددا بەکار دەهێنرێن بە دەست و کارامەیی خۆیان دروستکراون. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ڕای "تۆما بوا" هاوڕایە کە دەڵێ: بەشی زۆری ئەو ئامێرە موزیکیانەی کە لەلایەن کوردەوە بەکار دەهێنران، بە شێوەیەکی گشتی کاری دەستیی وکارزانیی ئەوان بووە. (احمد، ١٩٨٩: ل ٩).

بە چاوێکی وردکاری شیکارییەوە دەتوانینی بڵێین کە، ئەم گۆرانییانە لەسەر بنەمای چەند شێواز ودابەشکردنێک داندراون. ئەو لقانەی کە بناغە وچوارچێوەیەکی بابەتی جیاواز پێکدەهێنن، کە تێیدا جووڵە دەکات ولەو ڕێگەیەوە ناوبانگ وبڵاوبوونەوە هەناسە دەدات، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گۆرانیی کوردی بە شێوەیەکی گشتیی لە مەقام و بەستە ودیالۆگەوە دیاری دەکرێت ولە ڕووی جوگرافیشەوە گۆرانی هەن، کە تایبەتن بە خەڵکی شار کە خۆی لە مەقامات و بەستە و هەڵپەڕکێی میللی دەبینێتەوە. هەروەها گۆرانی لادێ وگوندنشینانیش هەن، کە دەکرێ وەک شێوەیەکی هونەری پێرفۆرمانسی فۆلکلۆری بۆ چەندین نموونەی گۆرانی کوردی هەژمار بکرێن. گۆرانی قەرەجەکانیش هەن کە هەمیشە بە هۆکاری بەیەکەوە گرێدانی کەلەپوور وکلتووری ناوچە جیاجیاکانی کوردەکان دەناسرێن. (الهاشمي، ٢٠٠٦: ل ١-٩)

بۆیە گۆرانی لەکۆمەڵگەی کوردیدا وەک شێوازێکی ڕەفتاری شارستانییانە، کارلێک لەگەڵ بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و ئامانج لەم کارلێکە، ڕۆشنکردنەوەی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و مرۆییەکانە، لەپێکهاتەکانی کەسایەتی تاکی کورددا بۆ قۆناغەکانی دواتر و بوونی هێڵێکی جیای جوانی و پاکی. بێگەردیی ئەم تاکە لە ڕەفتار و دانانی بیرۆکە وپابەندبوون بە داب و نەریتە کەلەپوورییەکان، بەڵگەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە. (الجزراوي، ٢٠٠٦: ل ٩).

بەڕای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، بارودۆخی موزیکیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی گوزارشت لە کاراکتەری ناساندن و شوناس و ئینتیما دەکات، بۆیە توخمەکانی شوناسی موزیکیی وای لێدەکەن باس  لە دەستکەوتەکانی موزیکی کوردی بکرێت لەم دواییەدا، بۆیە دەبینین  هەمیشە جەخت لەپێکهاتەی خۆی و هەروەها دەربڕینی جۆراوجۆری موزیکی لۆکاڵی دەکاتەوە، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە نێو ناوچە جیاجیاکاندا هەن، کە بێگومان لەپێکهاتەیدا دەربڕینی هەمەچەشنی موزیکی تێدا بەدی دەکرێت.

**٢-٢ پێکهاتەی گۆرانی و موزیکی میللی و فۆلکلۆری کوردی:**

موزیک بە گۆرانی چڕینەوە بەستراوەتەوە وهەردووکیان بە پێشکەوتنی کلتوور وشارستانییەوە بەستراون. موزیک هێزێکی بنەڕەتییە بۆ کۆمەڵگە چونکە لە هەستی خەڵک وگرووپ وپێکەوەژیانەوە هاتووە، سەرەڕای جیاوازییان لە تەمەن وجێندەر وتازەگەریی وکار وئەزموون ولێوەشاوەییدا. موزیک لەلایەن هونەرمەندی ئاوازدانەر، موزیسیان، شاعیر، گۆرانیبێژ بەکاردێت بۆ دەربڕینی پێوەرەکان وبەها وئێستێتیکییەکانی چێژی زاڵ لە کۆمەڵگادا. یان هەڵکشان بۆ قۆناغێکی نوێ وپشکنینی هەستی چێژی کەلەپوور- میللی -هاوچەرخ- کە وەک خاڵی یەکەم دەبریسکێنەوە. هەروەها هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگاش لە حاڵەتی نمایشی

کەلەپوور وکلتوورەکەیەوە جا چ لە شار بێ یاخود لە لادێ وگوندەکانەوە، ئەمەش وەکو کاردانەوەیەک بۆ کلتووری کۆمەڵایەتی وەک خاڵی دووەم دەبینرێ. (العمر، ١٩٩٩: ل ٢١-٢٦).

جێگای سەرسوڕمان نییە کە موزیکی کۆنباوی [٣] فۆلکلۆری لە لێکۆڵینەوەکاندا بابەتێکە سەرنجێکی زۆر هەڵدەگرێ، کە بەرگریی لە کلتوورە نەریتییەکانی خەڵک دەکەن، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بەها هونەری وئێستێتیکایە پاکەکان هەڵدەگرن، یاخود خاوەنی ڕەهەندی فەلسەفی فراوانن، بەڵکو لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێت وەک توخمێکی تەواو وکرداریی، کە لە لایەکەوە کارلێک لەگەڵ توخمەکانی کولتوور وەک چالاکییەکی ئاشکرا دەکات. هەروەها ئەو ڕۆڵەی کە تاکەکان وگروپەکان لە کۆمەڵگای نەریتیدا بە پەیوەندی هونەریی ووەڵام دانەوەی شاکارەکان دەیگێڕن لە لایەنەکەی ترییەوە. (عمران، ٢٠٠٦: ل ١٥).

بۆیە بەڕای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، گۆرانیە میللیەکان یەکێکن لە گرنگترین شێوەکانی دەربڕینی جەماوەری. هەروەها یەکێکن لە کۆنترین شێوەکانی دەربڕینی هونەری کۆمەڵگاکانی مرۆڤ ووبە مرۆڤەوە بەستراونەتەوە وپەیوەندی پتەویشی لەگەڵیدا هەیە بە تێکڕای ئەو نەریت وڕەفتار وعورف وسرووت وویست وهەستەوە کە هەڵگرییەتی. گۆرانیە میللیەکان بەرهەمی هەموو کۆمەڵگان لەڕێگەی ئەو بەها هونەرییانەی کە دەریدەبڕن ولەئەنجامدانیشدا زیاتر ڕەنگدانەوەی هەستی دەستەجەمعی ودەرکەوتەکانیەتی وزیاتر لەهەستکردن بەنمایشەکانی وسیما دیارەکانی کە دانەرە موزیکییەکان بەرجەستەی دەکەن، لە ڕەفتارەکانی تاک وبەهای ئێستێتیکا ومێژوویی دەردەکەون، ئەم بابەتەش مەبەستێکی دڵسۆزانەیە کە پەیوەستە بە بڵاوبوونەوە وگواستنەوەی زارەکی وتێپەڕین لە نەوەیەکەوە، بۆ نەوەیەکی تر.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازی نێوان گۆرانیی فۆلکلۆری وگۆرانیی میللیی بەگشتیی بکەین Folk Song ئەو گۆرانیەیە کە خەڵک بۆ خۆیان دایان نەهێناوە وکەچی خۆیان بەکاری دەهێنن. بەڵام Populer Song ئەو گۆرانیەیە کە کەسێک دایهێناوە ولەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، کەواتە جیاوازی لێرەدا لە داهێنان وبەکارهێناندایە، بەڵام بڵاوبوونەوەی چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری وگۆرانی میللیی بە مانا گشتیەکەی ئەوەیە کە، گۆرانی میللی تایبەتمەندی وسیفاتی زۆری هەیە، تەنیا شتێکی کۆن نییە، کە بەهای مێژوویی، یان باو وبەربڵاو یان ڕاستگۆ، یان کەلەپووری گواستراوە لە ژیانی نەریتی، لە باوباپیران یان دروست نەکراوو ڕەسەن، یاخود تەنانەت سروشتی ومیللی بێ. بەڵکو ئەمانە هەموویانە هەروەها هەناسەیەکی زیندووشە، لە تایبەتمەندییەهونەریەکانی خەڵک، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە کۆن وڕاستگۆ وڕاستن. هەروەها ئەم بابەتە ڕەسەنە وهەموو ئەو شتانەی کە باون ولە بنەڕەتەوە بڵاو بوونەتەوە، وێناکردنی بوونی مرۆڤ لە شوێنێکدا دەکاتە مەبەستێکی ڕەوا وهەروەها ڕێسا وبنچینە بۆ هونەرێکی ڕەسەن. (کمال، ١٩٧٣: ل ٩٩)

ژینگەی جوگرافی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جیاکردنەوەی ئاوازە میللیەکانی خۆی لە ناوچەیەکدا، ئەمەشیان بە پشتبەستن بە هەلومەرجی ژینگەی دەوروبەر وسروشتی جوگرافی و فاکتەری مێژوویی و کولتووری و سروشتی پیشە و کاری تایبەت وشێوەزارە جیاوازەکانی هەر ناوچەیەک هەرچەندە سادەش بن، بەڵام لێرەدا هەموو ئەو کار وکاردانەوەیە هەستەکان قووڵتر دەکەنەوە وپتریش ڕەگداکوتانی کەلەپووریی فۆلکلۆری ومیللی لێ دەکەوێتەوە. (اغا، ٢٠٠٣: ل ٦-٧)

ناکرێت بڵێین گۆرانیە میللییەکان دانەری میلۆدیان نییە، بەڵکو دەبێت لەنێو خەڵکدا داهێنەرێکی هەبێت ولەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین، دانەرانی گۆرانیە میللیەکان کەسانێکی نەناسراون وهەموویان ئەم بەرهەمانەیان داهێناوە پاش توانەوە لە کەلەپووری میللیی نەتەوەییان. هەروەها کاری تاکێکی درێژەپێدراوی پڕ لە سەرکەوتنیشە، ئەمەشیان لە نێو خەڵکدا وای لە عەقڵی بەکۆمەڵ کرد کە بیپارێزێ وهەڵیبگرێت. بەم شێوەیە بووە موڵکی هەمووان. لە هەندێک کۆمەڵگاشدا ڕەنگە خەڵک لە ڕووی ڕستە موزیکیەکانەوە ڕێڕەوی گۆرانیەکە لاسار بکەنەوە یاخد بە هەندێ ڕستەی موزیکی خواستراوەوە تێکی بدەن، یان هەندێ لە وشەکانی بگۆڕن، بۆیە ئەم جۆرە گۆرانیە کەلەپوورییانە دانەرەکانی بە نەناسراوی دەمێننەوە.

گۆرانی کوردی نمایشێکی ڕێکخراوەیی مێژووی خۆیەتی، لە شێوەی ئاواز ووشە وبە شێوازی گۆرانی چڕین وگۆڕاوەکانی ناسراوە، چونکە ئەوەی گوێ لە گۆرانی چڕینی کوردی بگرێت، هەست بە مێژووی گەشەکردنی ئەم گۆرانیە دەکات وئەزموونیشی لەگەڵدا پەیدا دەکات. گۆرانی چڕینی کوردی بە ڕوونی وەک گۆرانیەکی بنچینەیی بە چڕیی وخاوەن ناوەڕۆک پێناسە دەکرێت، بەهۆی بوونی دینامیکی هونەری ولە ڕووی قەبارە وفۆرم وگەورەیی ڕۆحی وهێزی گوزارشتەوە، ئاماژە بۆ ئاسۆی فراوانی خۆی دەکات. گۆرانی چڕینی کوردی هونەرێکی پتەوی ئاکار ڕوونە. ئەو گۆڕانە مێژووییەی لەڕەوتی گۆرانیدا ڕووی داوە، لە هەموو قۆناغەکانی درێژکراوەدا شوناسی جیاوازی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵام ئەوەی ئەم قۆناغانە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دووبارە بەرهەم هێنانی

هونەرێکە کە گرێدراوی کەلەپوور وکلتووری زیندووی نەتەوەیە، ئەو بەردەوامییەی قۆناغەکانی گەشەکردنی هونەری ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێشکەوتنی گەلان بە گشتی وگەلی کوردیش بە تایبەتی. (الهاشمي، ٢٠٠٦: ل ١٥-١٦-١٧)

کارکردن لەبواری کۆکردنەوەو خوێندنەوەی نموونەی موزیکی فۆلکلۆری کوردی پرۆسەیەکی تازە بابەتە و سنووری جوگرافی سنووردراری خۆی تێنەپەڕاندووە، بۆیە هەوڵی جددی بۆ کۆکردنەوەو خوێندنەوەی موزیکی کوردی و گۆرانی چڕین لەم ناوچانەدا بەدۆزینەوەی گەنجینەی موزیکی دەبێ، کە دەبێ لە بنەڕەتدا کۆمەڵی بابەتی گرنگ شرۆڤە بکرێن بۆ گەیشتن بەو وەڵامانەی کە پرسیارگەلی هونەریی دەیوروژێنێ.

گۆرانیی چڕینی کوردی تێگەیشتنی شەفافی خۆی هەیە لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا کە یاسا هزرییە بونیادییەکانی نوێکردۆتەوە. گرنگی موزیکی کوردی کارێکی بێوێنە و شکۆدارە لە نێو ناوەڕۆکە درامیەکەیدا، بەو پێیەی ئەم بایەخە لە کەسایەتی و مۆرکی ڕۆژهەڵاتدایە، کە لە ڕێگەی چەمکی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە کۆن و مێژووییەوە لە وەسفەکانیدا ڕێکخراوە. بە پێی جوگرافیایەکی گەورە، خاکی کوردان سەرچاوەی قۆناغی مێژوویی نێوان دروستبوونی مۆرک و چەسپاندنی بنەماکانی بووە. (الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو: ل ١٦).

بەڕای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە موزیکی فۆلکلۆری کوردی پێگەی خۆی لەنێو ژانرەکانی موزیکی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا کردۆتەوە و ئەم موزیکە خاوەن ناوبانگێکی گەورەی میللییە، بۆیە ئامانجی دیراسەتکردنی کەلەپووری موزیکی کوردیی بەهەموو جۆرەکانییەوە، تیشک خستنە سەریەتیی ودواتریش بە ئەرشیف ودۆکیۆمێنتکردنیەتی.

یاوەری ئەو موزیکە لە ڕووی ڕیتمییەوە، لە هەردوو ئامێری زەرب ودەف خۆی دەبینێتەوە، هەروەها سەرنجدان بە چەپڵە لێدان لەگەڵ هەندێک لە گۆرانیەکانی ناوچە جیاوازەکان وخێرایی هێواشی پەیوەست بەو گۆرانیانە لە نێوان Moderatto وAllegro دێت وەک لە کوردستانی عێراق دەیبینین، لە باس ومیتافۆری گۆرانی میللی کوردی کە لە پێکهاتە نوێیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. لە لایەکی ترەوە توخمی نووسینەوەی نۆتەی گۆرانی کە جیاوازی دەکات لە نێوان گۆرانیە میللیەکاندا، کە بە جووڵەی ئەو موزیک وگۆرانیانەی تر کە بە شێوەی زارەکی دەچڕدرێن دیاری دەکرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک لە گۆرانیە میللیەکان بنووسرێتەوە، وەک دەبینین لە چەندین بڵاوکراوەدا بە ئامانجی پاراستنی کەلەپورە وە بە تێبینی ئەوەی کە دەقاودەق وەکو خۆی بێ، ئایا ئەو بارە هونەرییە لەدەست دەدات؟ ئایا ئەو خاسییەتە هونەرییانە چین کە لە گۆرانیەکانی تردا دەردەکەون؟

**٣-٢ بنیادی میلۆدی موزیک و گۆرانی نەریتیی کوردی:**

توێژەرانی ئەم ڤوێژینەوەیە پێیانوایە، تایبەتمەندیی ئیمپرۆڤیزەیشن (الارتجال) لەگۆرانی کوردی لە داهێنان وپێکهاتەی هونەریدا بابەتێکی زۆر گرنگە، پرۆسەی هەروایی بە گشتی خەسڵەتێکی دیارە لەو خەسڵەتانەی کە موزیکی ڕۆژهەڵاتیی پێ دەناسرێتەوە، هەروایی لایەنێکی گرنگی کۆڵەگەی موزیکی کوردییە، جا ئەو موزیکە چ سیستماتیک بێ یاخود میللی. ئەمەشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بۆتەیە پێگە وشوێنی هونەری خۆی لە گۆرانی وموزیکی سستماتیک ومیللیدا کردۆتەوە و ڕەنگدانەوەی داهێنان وبڵاوبوونەوەی بە خێرایی لە نێو توێژەکانی خەڵکدا گەواهی ئەو ڕاستییەن، چونکە بەهرە هەمیشە بە تاک بەستراوەتەوە، بەڵام گرنگییە ڕۆحییەکان وناوەڕۆکی ئەزموونەکەی ئەم بابەتە هاوبەشن بۆ هەمووان.

(هاوزر، ١٩٩٠: ل ٢٩٩).

بۆیە بەڕای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە ، نوێکرنەوەی موزیکی کوردی دەبێت لە ناوەوە بێت و لە ناواخنەوە دەست پێ بکات، نەک لە دەرەوە یان چوارچێوەکانی دەوروبەرەوە دوور لە ناوەڕۆکە بنەڕەتییەکەی، کەواتە ئەمە مانای ئەو ڕەسەنایەتیە نوێکراوەیە کە ئێمە داوای دەکەین، دوور لە ڕووە ڕەگەزپەرستییەکەیەوە. ئەمەشیان نەک هەر لە دەرەوەی پاراستنی کەلەپووری موزیکی کوردییەوە دەبێ، بەڵکو لە بنچینەدا پابەندە بە میتۆدە زانستی و کولتوورییەکانی نوێبوونەوە کە هەموو گەلانی جیهان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەیڕەوی دەکەن.


داهێنان لە دانانی موزیکی کوردی لەگەڵ میتۆدی کەلەپووریی وهاوشانیکردنی موزیکییدا بەرجەستە دەبێت. ئەمەشیان بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی نوێی موزیکی نەتەوەیی بۆ بابەتەکان و نیشاندانی ڕۆحی سەردەمیانەی ئەو موزیکە کە بە شێوەی یەکەیەکی یەکگرتووەوە بەرهەم دەهێنرێت، لێرەدا ئاوازدانەر دەبێتە چەقی بابەت وکاکڵی ئەم پرۆسەیە. نووسینی ئاوازی سەرەکی وئاوازە لاوەکیەکانیش لە هەمان کاتدا هەڵێنجانی هاوکێشەی بەهارمۆنیکردنی ئاوازەکان وئامادەکارییە موزیکییەکەیەتی بەپێی زمانی

سەردەمی خۆی، ئاوازەکە دەبێتە پێکهاتەیەکی هونەریی وسەرەکی پرۆسەی ئامادەکردنی موزیکی، کە بریتییە لە کۆکراوەی ئەو توخمانەی کە لە ڕێگەی دروستکەرێکی داهێنەرەوە پێکدەهێنراون.


بارودۆخی موزیکی لەهەرێمی کوردستانی عێراق بەڕای توێژەران بە گشتیی، لە کەسایەتی وهێما وشوناس وئینتیما بۆ ئەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام توخمەکانی شوناسی موزیکیی کە باس لە دەستکەوتەکانی موزیکی کوردی دەکات، لە سەرنجێکی هونەریانەدا لەسەر تایبەتمەندیی شێوەزارە زمانەوانییە جیاوازەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا پەرتەوازە بوون ڕەنگ دەداتەوە، کە بە دەربڕینە جۆراوجۆرە موزیکییە لۆکاڵییەکان دیاری دەکرێن. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، دوو پرسیاربوونەتە هۆی دەرکەوتنی مشتومڕێکی زۆر، کە بریتیبوون لەوەی کە ئایا دەکرێت کەلەپوور بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگربێت لە نوێکردنەوە وداهێنان؟ یاخود دەکرێ خستنەکار وپرۆسەی داهێنان پردی پەیوەندی بن لە نێوان کەلەپوور وهاوچەرخێتییدا؟

هەندێک لە گۆرانیەکان بە زیادکردنی هەندێک دینامیکی نەخشەڕێژ، کە داڕشتنەکانیان لەلایەن سروشتی هەندێک تێکست ونمایشەوە داندراون زۆر بە جوانیی وبە ڕەونەقەوە دەردەکەون. وەک لەو دوو نموونەی خوارەوە دینامیکە نەخشەڕێژەکان دیاریی کراون.

**Lenaw rezan**




**Hey nexshanm**




لە ڕووی بنیادی ڕیتمیشەوە، گۆرانیی کەلەپووری کوردی بە پێوەری ڕیتمی سادە بنیادنراوە و ڕەنگە هەندێک جیاوازی لە فۆرماتی هۆنراوەی کوردیدا هەبێت کە کار لە پێکهاتەی دروستبوونی ریتمەوە بکات، بۆیە هەندێ جار هۆنراوەکان لەسەر بنەمای شێوازی نمایشی ریتمیکی ئازاد Adlibدێنە کایەوە.

بۆیە کاتێ باس لە واقیعی موزیکی کوردی دەکەین لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پێویستە سەرەتا، دوو ستایل، یان دوو جۆری بنەڕەتیی موزیکی کوردی دیاری بکرێن، کە شانبەشانی یەکتر هەنگاو دەنێن:

١- موزیک وگۆرانیەکانی فۆلکلۆری.

٢- موزیک وگۆرانیەکانی میتۆد ئامێز(الموسیقی والاغاني المنهجیة)

دەکرێت موزیکی میللی و موزیکی سستماتیک (واتە ئەو موزیکەی لەلایەن موزیسیانێکی ناسراوەوە داندرابێت) جیابکرێنەوە، ئەوەی یەکەمیان کۆنترینی کۆنی مێژووە و تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێت (ڕیتمەکانی و داڕشتنەکانی و مەقامەکانی و تەنانەت بابەتەکان) پشی سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی زۆرینەی ژەنیارانی کورد بووە و بەردەوامیشە تا ئەمڕۆ هاوتەریب لەگەڵ موزیک و گۆرانی سستماتیکدا موزیکی فۆلکلۆری هەیە، کە سەر بە هەموو خەڵکن، گۆرانی و شایی و هەڵپەڕکێ و موزیکی ئامێرەکان و هونەری زارەکی کە تایبەتن بە هەر ناوچە و خێڵێک کە لە بۆنە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا نمایش دەکرێن و ئەم ستایلە لێرەدا دەتوانین بۆ ئەم دوو هاوپۆلەی پێشوو واتە موزیکی میللی و سستماتیک زیاد بکەین. جۆری یەکەم لە گۆشەی ئایینیدا چەکەرەی کردووە وگەورە بووە وپێی دەوترێت گۆرانی ئایینی، کە زۆرجار ناوەڕۆکی ئایینی و هەندێ جاریش ناوەڕۆکی دنیایی هەیە. جۆری دووەمیان زۆرینەی جار بە شێوەی گۆرانی تاکە کەسی وهەندێ جاریتریش بە گۆرانی وڕیتم وچەپڵەوە دەچڕدرێن و دەژەندرێن و لێدەدرێن.

پۆلێنی دووەم بابەتی هاوچەرخ ونوێگەرن، کە لە دوورە وولاتەوە چەکەرەی کردووە و بە سادەیی و نەزانییەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕیتمە مۆدێرنەکانی ڕۆک و پۆپی ئەوروپی و ئەمریکی، یاخود ئەو نەوەیەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکی چەواشە ڕەهای موزیکی تورکی و ئێرانی و عەرەبییەوە.

توێژەران لە ئەگەری پۆلێنکردنی موزیکی کوردی و نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی بەو شێوەیەی کە لەسەر بنەمای کۆکراوەی سەرمایەی کەلەپووری نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە سەرچاوەی گرتبێ، وای دەبینن کە پۆلێنکردنەکە بەم شێوەیە دابڕێژدرێ:

١- موزیکی لیریکی: ئەو موزیکانەن کە قورگ سەرچاوەی پێکهاتە دەنگییەکەی دەبێ، واتە بەبێ ئەوەی ئامێرێکی موزیکیی هاوشانی بێت، ئەم بابەتە لە لایەن چینەکانی خەڵکەوە پێشکەش دەکرێن.

٢- موزیکی لیریکی ئامێریی: بە هاوبەشی کردنی گۆرانی چڕین و ئامێری موزیکی ئەنجام دەدرێن، کە لەلایەن چینەکانی خەڵکەوە دەچڕدرێن و لەهەمان کاتیشدا دەژەندرێن.

٣- موزیکی ئامێریی: سەرچاوەکەی بریتییە لە ژەنینی ئامێرەکان و بەبێ یاوەریکردنی گۆرانی نمایش دەکرێت.

٤- سەما و هەڵپڕکێ: بە یاوەریکردنی سەمای میللی و هەڵپەڕکێوە دەبێ و بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە:

١- موزیکی ئامێریی لیریکی سەما ئامێز.

٢- موزیکی ئامێریی سەمائامێز.

**٤-٢ نوێبوونەوە لە بۆتەی گۆرانی و موزیکی کوردیدا:**

شوناسی هەر کەسێک بە زمان و هونەر و فۆلکلۆر و داب و نەریت و مێژوو دیاری دەکرێت، ئەم بابەتەش بە دڵنیاییەوە بەسەر گەلی کوردیشدا پراکتیزە دەبێت. بۆ ئێمە وەک موزیسیانان، هێشتنەوە گەشەکردنی ڕۆحی موزیکی کوردی، پێشکەوتنێکی جدییە لە ڕێگەی شاکار ودانانی موزیک وچالاکی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییەوە، کە تێکڕایان دەکەونە ژێر خاڵی دیاریکردنی شوناس وناساندن وبرەودان بەو ناسنامە ڕەسەنەی کە هەیەتی.

کاتێک دەڵێین دەبێت کار بۆ پەرەپێدانی موزیکی کوردی بکەین، ئەم پەرەپێدان وپێشکەوتنە نابێتە هۆی ئەوەی کە موزیک لە ڕۆحی خۆی دووربکەوێتەوە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە ئاگامان لە کەلەپوور وفۆلکلۆری کوردیی خۆمان هەیە و توانیومانە لەنێو سینە ودەروونماندا هەڵیبگرین و ڕەگە داکووتراوەکەشی بەباشترین شێوە بپارێزین. پێویستە ئەو گەشەسەندنە زانایە جیاوازی لە گۆڕان یان ڕەتکردنەوەی ئەو فۆلکلۆرە بکات، ئەمەشیان تەنها بۆ بەردەوام بوون لەنێو کاتەکاندا نییە. مانەوە لەنێو کاتەکاندا وشەیەکی بریسکەدارە بەواتای دەورەدراو بە شتی پڕوپووچ دێ، کە لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا پەخش دەکرێن، کە بریتیین لە شێواندنی پەیامە شکۆدارەکەی موزیک، بۆیە پێویستە لە ئاستی فۆلکلۆر تێبگەین ومامەڵەی هونەرییانەی لەگەڵدا بکەین ودواتریش بەو شێوەیە زیندووی بکەینەوە کە لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین وبوارەکانی مەقام و ڕیتم و بنیادی میلۆدی و بابەتەکانی تری بکەینە پێوەری مامەڵەکردنی زانستیانەی هونەری بەردەوام. (زازا، ٢٠٠٥: ل ١٥٧)

کاتێک موزیکی کوردی بەتاکژەنی دەبیسترێت، بەبێ ئەوەی یاوەری گۆرانی بکات، لەوێدا خەسڵەتە دەنگیی و خەسڵەتەکانی دەروونیی باشتر دەردەکەون. ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە هەستێکی بەرزی چێژی موزیکی و توانستێکی ڕادەبەدەری ڕامانی هونەریی هەیە. بۆیە ئەم شێوازە زیاتر لە نێو بژاردەی ڕوناکبیریی کوردییەوە باوە، لەوەی کە لەنێو جەماوەرە میللییەکەدا


هەبێ. موزیكی كوردی لەنێو جەماوەر و بینەرە میللیەكاندا باوە و پتریش ئاشنای ئەم شێوازەن. موزیك لێرەدا بە یاوەری گۆرانی و ئاوازی گۆرانیبێژەكە لەگەڵیدا گوزارشت دەكات و بە شێوەیەكی تۆكمەتر دەردەكەوێت. (الخلیل، ٢٠١٣: ل ١٣٧).

بەڕای دڵشاد محەمەد سەعید موزیكی ڕۆژهەڵات بەگشتی بۆ گوێگری ڕۆژئاوا بابەتێكی نامۆیە و بە ئاستەم دەتوانێ ئامانج وچێژی هونەری خۆی بپێكێ.  بەڵام كاتێك بەجوانی پێشكەش دەكرێ ورەسەنایەتی خۆی دەپارێزێ، ئەمەشیان لە نموونە تایبەتمەندیە موزیكیە كوردیە ڕەسەنەكەیەوە. لە هەمانكاتدا كاتێ كە خۆی بەدوور دەگرێ لە شێواندن وگۆڕانكاری بێمانا، ئەو سات نزیكتر دەبێتەوە لە گوێگر وچێژبەخشتر دەبێ بۆی، ئەم تایبەتمەندیە لەگەڵ ئەوەشدا كاراكتەری خۆی هەیە وجیاكەرەوە دەبێ لە پرۆسەی چێژی هونەری. (الحوار، ٢٠١١: ل ٨٦-٨٧).


ئاوازە كەلەپوورییەكان بەگشتی لەنێو بازنەیەكی دەنگیی تەسكەوە تایبەتمەندیی خۆیان دەسەلمێنن. هۆكارەكەشی ئەوەیە كە جووڵەی تراكەكانی ئەم ئاوازانە لە مەودای دەنگی چوارەم وپێنجەم بۆ سەرەوە یان خوارەوە تێپەڕناكات و ئەگەر دەنگەكان لەوەش زیاتر ببیسترێن وتێپەڕ بكەن ئەوا ئەو ئاراستەیە بەرەو پێكهێنانی بابەتی میلۆدی دووەم هەنگاو دەنێ، ئەمە بواری ئاوازی خۆی پتر فراوان دەكات ویارمەتی

بەرهەمهێنانی فۆرمێكی نوێ دەدات وەك داڕشتن وفۆڕمێكی جیاواز. (محمد، ٢٠٠٩: ل ٢٣)

Kani li ber kani





میلۆدی ئەو بارستە دەنگییەیە كە نەخشەكی هزری لە نێو ئیدراكی هەستیی مرۆڤەوە وێنا دەكات، هەر لە سەرەتای یەكەم ترپەوە بە وزەیەكی نەپچڕاو تا كۆتایی ڕستە موزیكییەكە بە بەردەوامی هەڵبەزین و دابەزین دەكات، تاكو هەموو وەزیفە موزیكییەكەی لە ڕێگەی پێكهاتەی بنیادەكەیەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەم وەزیفانەش برتین لە بیرۆكە ئاواز ( مۆتیف) و زنجیرەسازی (سكوێنس) و بەردەوامی (كۆنتنیوەیشن) و قفڵكردن (كادێنتەڵ). هیچ ڕستەیەكی ئاواز نییە ئەم وەزیفانەی تێدا نەبێ. بۆ نمونە ئەركی مۆتیف برتییە لە ناساندنی بیرۆكەی بابەتی ئاواز یان میلۆدییەكە و ئەركی سكوێس برتییە لە جوڵاندنی ڕێڕەوی میلۆدییە بەرەو ئاراستەی سەرەوە و خوارەوەدا، هەروەها ئەركی بەردەوامی برتییە لە گەیاندنی میلۆدی بە ترۆپكی بابەتەكە و بەستانەوەی دەستەواژە موزیكییەكانە لە نێو ڕستەكاندا، قفڵكردنییش دوا ئەركە لە نێو وەزیفەكان كە برتییە لە ڕاگەیاندنی بە كۆتا هاتنی ئاوازەكەیە. گەر سەیری میلۆ دی سەرەوە بكەین و سەرنجێك بدەینە ئەم چارتەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەكەین پێكهاتە و بنیادی میلۆدییەكە لە چوارخشتەكی (بناء تربیعي) پێكهاتووە و هەر چوار وەزیفەكانی بنیادی ئاواز تیایدا بەدی دەكرێت، بەڵام ئامادەیی ئەم وەزیفانە لە یەكتر جیاوازن و ڕۆڵی مۆتیف بە ئاستێكی بەرچاو باڵا دەستە و سێ جار مۆتیفەكە دووبارە بۆتەوە، كەچی لە بەرامبەردا سكوێنسێكی بچووك لە كۆتایی باڕی سێیەم دەبیندرێت كە تەنها ڕۆڵی بەستنەوەی مۆتیف بە بەشی 'بەردەوامبوون' دەگێرێت. لە كۆتایی باڕی چوارەمدا بەشی قفڵكردن كۆتایی بە ئاوازەكە دەهێنێت.



بنیادی ئەم میلۆدییەی خوارەوە چوارخشتەکییە [٤]، لە ڕێگەی ئەم چارتەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەر چوار وەزیفەی بنیادی میلۆدییەکە بە یەکسانی دابەشبوونیان بە خۆوە بینیوە و هەر یەکەیان کەوتۆتە نێو بارێک لە نێو بارەکانی ئاوازەکە. هەڵبەتە ئەم حالەتە لە نێو ئاوازی موزیکی میللیی و کەلەپووری کوردییدا زۆر دەبینرێت، بە تایبەتی لەو ئاوازانەی کە بنیادەکەیان چوارخشتەکین.




بەڵام ڕیتم لەم گۆرانیانەدا بە تایبەتمەندی فرەیی بەکارهێنان دەبیندرێ، ئەمەشیان لە ئەنجامی تایبەتمەندیی کۆمەڵگا دیاری کراوە وبەم شێوەیە ڕیتمی جۆراوجۆر هاتە کایەوە، وەک ئەوەی کە لە ناوچەی باکوور دەردەکەوێ، کە تێیدا بە چەندین ڕیتمی جۆراوجۆری پەیوەست بە شێوەی هەمەچەشنی و ڕەنگدانەوەی ژیان وژیاری ناوچەکە دەبیستریٚ. (محمد، ٢٠٠٩: ل ٥٥٦)

داهێنان لەپێکهێنانی ئاوازێکی کەلەپووری بە یاوەری موزیکەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دروستکردنی زمانێکی نوێی موزیکیی نەتەوەیی بۆ بابەتەکانی سەردەم و بەرجەستەکردنی کارێکی هەنووکەیی و پێداوستییەکی حەتمیی بێ، ئەمەش لەڕێگەی یەکەیەکی یەکگرتووەوە بەرهەم دەهێندرێت، وەک ئاوازدانەری موزیکی ، ئاوازی سەرەکی و هەروەها هێلەکانی تری میلۆدی یاوەرییکراو کە پێکهاتەیەکی سەرەکی پێکهاتنی موزیکییە بە گشتیی. بەڵام دانان و ئامادەکردنی موزیک ئەمانە بەگشتی کۆمەڵێک توخمی بەیەکەوە گرێدراوی بابەتی دەوڵەمەندکردنی میلۆدی کەلەپوورین. بۆیە بێگومان ئەوەشیان ئەو خاڵە ڕەتناکاتەوە کە کاریگەرییەکی هاوبەش لە نێوان موزیکی کوردی و ئەو گەلانەی هاوسێ و دراوسێی میللەتی کوردن هەن، بەوەی کە هەندێ ئاوازی کوردی وەک میلۆدییەکی مۆرک کوردی بە زمانێکی ترەوە چڕدراون، کەچی لە بنەڕەتدا میلۆدییەکە وەک یەکەیەکی هونەری سەربەخۆ سیما و ڕواڵەت و مافی ئاوازدانەری کوردی پێوە دیارە. (سەرچاوەی پێشوو ٢٠٠٦: ل ٢٩٤ گواستنەوە لە القادري، ل:٨١).

دواتر نەوەیەک لە موزیسیانان دەرکەوتن تا لە ڕێگای گۆرانی چڕین لە یەک هێڵی میلۆدیکەوە بۆیاوەریکردنێکی پۆلیفۆنی، بتوانن دەوڵەمەندییەکی هارمۆنی ڕادەبەدەر ببەخشنە میلۆدی کوردیەوە، واتە گۆرانی چڕین لە چینە هەمەجۆرەکان کە لەیەک ساتدا بەیەکەوە بژەندرێن. هەروەها گەیشتن بەو زانستە هارمۆنی وپاشان زانستی خاڵ بەرامبەر خاڵ(کاونتەرپۆینت) دەسکەوتێکی تری ئەم بوارە گرنگە بوو. (الهاشمي، ٢٠٠٦: ل ٢١).

**٣- ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار:**

**١-٣ ئەنجامەکان**

١- لە ڕووی فەزای میلۆدیکەوە، زۆربەی گۆرانیە فۆلکلۆرو میللییەکانی کوردی لە مەودای میلۆدییەکی سنورداردا دێن، کە لە یەک خاڵی تۆنی دەنگەوە دەست پێدەکات Monoton وزۆرجاریش لە شەش پلە دەنگ، پتر تێپەڕ ناکەن (Hexachord). هەندێک لە گۆرانیەکان لەوانەیە ئەو سنوورە دەنگیانە تێپەڕێنن ئەمەشیان وەک پێویستییەکی ڕۆڵی موزیکیی بابەتە موزیکییەکان دەبێت.

٢- بوونی Sincope لە هەندێک حاڵەتدا جوانییەکانی کارە هونەرییەکە دیاری دەکات. گۆرانیی کەلەپووری کوردی لەسەر سێ یان چوار پلە دەنگی بنیادنراوە، کە زۆرجار دەنگەکان بە زنجیرەیی بە دوای یەکەوە نایەن بەڵکو هەڵبەز ودابەزی زۆری تێدەکەوێ. ئەم گۆرانیانە زیاتر لەسەر بنەمای دەنگی بنکەوە بنیادنراون.

٣- شوناسی هەر گەلێک لە ڕێگەی زمان و هونەر و فۆلکلۆر و داب و نەریت و مێژوو و پاراستنیەوە دەبێت، بۆیە گەشەکردنی ڕۆحی موزیکی کوردی و دواتر زیندووکردنەوەی لە بۆتەیەکی مۆدێرندا، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و شوێن و ڕیتم و کێش و بنیادنانەوەی ئاوازو پێکهاتە هونەرییەکەی دەبێت.

٤- گۆرانی لەکۆمەڵگەی کوردیدا وەک شێوازێکی ڕەفتاری شارستانییانە، کارلێک لەگەڵ بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و ئامانج لەم کارلێکە ڕۆشنکردنەوەی تایبەتمەندیە نەتەوەیی و مرۆییەکانە لەپێکهاتەکانی کەسایەتی تاکی کورددا بۆ قۆناغەکانی دواتر و بوونی هێڵێکی جیای جوانی و پاکی و بێگەردیی ئەم تاکە لە ڕەفتار و دانانی بیرۆکە و داب و نەریتە کەلەپوورییەکانی بەڵگەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە.

٥- موزیکی کوردی توانیویەتی لە یەک هێڵی ئاوازەوە ڕۆڵی گۆرانی بەدەر بخا وهەروەها دواتریش پانتایی بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییە ئۆرکێستراییەکان لە بنیادی ئەم گۆرانیانە فراوان بووە و بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشیش بەکار هاتوون.

٦- لەڕووی بنیادی مەقامەوە، زۆربەی گۆرانیە فۆلکلۆرو میللییەکانی کوردی لەسەر یەکێک لە ڕەگەزەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی بنیادنراوە و هەندێک جاری تریش لەسەر مەقامێکی ترەوە وێنادەکرێن. زۆرترین ڕەگەزی بەکارهاتوو لەپێکهاتەی ڕستە ئاوازییەکانی کوردیی بریتین لە ڕەگەزی مەقامە سەرەکییەکانی وەک (بەیات و عەجەم و حیجاز و سێگا و کورد و ڕاست).

٧- پاراستن و گەشەپێدانی ڕۆحیی موزیکی کوردی لە ڕێگەی کار و نووسین و چالاکی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییەوە لە ئەستۆ دەگرین. بێگومان ئەمەش تێکڕا دەکەوێتە ژێر شوناسی موزیکی ڕەسەنی کەلەپووری ومیلليی کوردی.

٨- تایبەتمەندیی ئیمپرۆڤیزەیشن (الارتجال) لەگۆرانی کوردی لە داهێنان وپێکهاتەی هونەریدا بابەتێکی زۆر گرنگە، پرۆسەی هەروایی بە گشتی خەسڵەتێکی دیارە لەو خەسڵەتانەی کە موزیکی ڕۆژهەڵاتیی پێ دەناسرێتەوە، هەروایی لایەنێکی گرنگی کۆڵەگەی موزیکی کوردییە، جا ئەو موزیکە چ سیستماتیک بێ یاخود میللی. ئەمەشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بۆتەیە پێگە وشوێنی هونەری خۆی لە گۆرانی وموزیکی سستماتیک ومیللیدا کردۆتەوە.

٩- لەڕووی داڕشتنی بنیادی هاوکێشەو پێکهاتەیەکانەوەش، گۆرانیی کەلەپووری کوردی لە ڕستەیەک، یاخود دەستەواژەیەکی تاک ئاوازیی دوورناکەوێتەوە و میلۆدییەکان لەدروستکردنیاندا وەکو نەریتێک پشت بە ڕستە و ئاوازی کورت و دووبارە دەبەستن و ئاوازەکانی ناو گۆرانیەکان لەشێوەی سەرچوون و خوارچووندا، بە شێوەیەکی تۆکمە دەگەنە ترۆپکی مانا بەخشی خۆیان و دواتریش دەگەڕێنەوە بۆ بنکەی مەقامەکانیانەوە.

١٠- زەمینە وواقیعی موزیکی کوردی موزیکێکی لیریکییە (موسیقى غنائية) بەڵام ئەم لیریکییە پێداویستییەکی جەختلێکراو نییە، چونکە گۆرانی بۆ خەڵکی کوردستان بە کاریگەرترین شێوە دەربڕینە دەروونییەکان دادەنرێن. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە چۆن دانەرەکانی بواری گۆرانیی وموزیکی کوردی پشت بە سیستمەکانی داڕشتن ودابەشکردنی موزیک دەبەستن بە شێوازی ئاوازدانانی تۆکمە و لەم بوارەشدا پانتاییەکی گەورەی داهێنان بۆ خۆیان دروستدەکەن، کە تێیدا پێشکەشکار چێژ لە ئازادی ڕادەربڕین ببینێت و ڕاستەوخۆ وخۆڕسکانە پەرەی پێبدات وەک ئەوەی کە سروشتی مرۆڤ ڕێگەی پێداوە.

**٢-٣ ڕاسپاردەکان:**

١ - هاندانی توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، لە سەرکەسایەتی دانەرانی گۆرانیی وموزیکی هاوچەرخی کوردی، کە موزیک وگۆرانیی کەلەپووری ومیللییان کردۆتە بنەمای شاکارەکانیان، لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان.

٢ - توێژەران لە خوێندنی بەرایی وباڵا لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆرانیە نەریتییەکانی کوردی بدەن وپرۆسەی خستنەکاری گۆرانی دەست پێبکەن بۆ بنیادنانی ژێرخانی موزیکی کوردی.

٣ - گرنگیدان بە میراتی کەلەپووری وپێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانیی وموزیکی فۆلکلۆری وکەلەپووری موزیکی میللیی وبەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بۆ خزمەتکردن بە لقەکانی موزیکی سیستەماتیک.

٤ - پێویستە موزیسیانان وفێرخوازان، ئارەزووی خۆپەروەردەکردنیان هەبێت وئەزموونەکانیان لە خوێندنی ئەکادیمی وتایبەتدا زیاد بکەن.

٥ - دابینکردن وپاڵپشتیکردنی کتێبخانەی کۆلێژ بە نۆتەی گۆرانیی وموزیکی کوردی وئاوازدانەرانی موزیکی نەریتیی وسەرچاوەکانیان.

**٣-٣ پێشنیارەکان:**

١- ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی هونەری لە مادە دەنگی و موزیکییەکان، ئەمەش بە مانای لێکۆڵینەوەی گشتگیری دەستکەوتنی تەواوی تێگەیشتنی ئاسۆیی سەرچاوەکانی چنینی موزیکی زیندوو وهەروەها ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی ستوونیی لێی بە بەراوردکردن لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەوە.

٢ - ئەنجامدانی خوێندندنەوەیەکی سیستماتیک کە تەواوکەری ئەم توێژینەوەیە بێ و لەخۆگرتنی پرۆگرامێکی خوێندن کە تەرخانکرابێ بۆ بابەتی شیکردنەوەی موزیکی گۆرانیی کەلەپووری و میللیی لە فاکەڵتەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣ - ئەنجامدانی خوێندندنەوەیەکی پراکتیزەیی کە تەواوکەری ئەم توێژینەوەیە بێ، بۆ خستنەڕووی کاری گۆرانیی و موزیکیی هونەری و هەروەها هاودەمکردنی خوێندنەوەیەکی ئێستێتیکایی لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کارە کەلەپووریانە، وەک پێداویستیەکی سەردەمیانە لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

٤ - توێژەران پێشنیازی خستنەکاری کەلەپووری موزیکی وموزیکی کوردی دەکەن لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی دابەشکردن بە شێوازێکی ئۆرکسترالی، بۆ قۆناغی خوێندنی بەرایی لە فاکەڵتیەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**پەراوێزەکان:**

١- تایبەتمەندیProperty :

بەرجەستەکردن و داڕشتنی مانای کاری هونەرییە بۆ بەدەست هێنانی، بە شێوەیەکی دیاریکراو لە وێنەکێشانی بابەتی تایبەتمەندیەکان، لێرەوە تایبەتمەندی کۆکراوەی وشەیەکی خاسیەتدار و وشەیەک کە لەنێو خودی بابەتەکەیەوە هەڵگری ماناکەشییەتی. (ابن منظور، ١٩٨٣: ل ٢٩٠)

تایبەتمەندی: خەسڵەتی شتێکە کە بۆ ئەم شتە بێ هاوتایانە دەشێ، ئەو تایبەتمەندییەی کە شتەکان جیا دەکاتەوە و بە تایبەتمەندییەکان دیاری دەکرێت. لە (موختاری سەحیح) دا، تایبەتمەندی تایبەتیی شتێکە بەتایبەتی لە خۆگرتن و کرانەوە و کردنەوە و کورتکردنەوەی وەک خۆی و بە تایبەتی دژی گشتیی و گشتاندنە و لەڕووی فەلسەفیشەوە بریتییە لە:

تایبەتمەندیەکی جیانەکراوە کە لەوانیتر جیاوازە، و تایبەتمەندییەکە: خەسڵەتێکە کە جیاکردنەوەی لە ئەوانی تر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. (مجمع اللغة العربية، ١٩٨٣: ل ٧٩)

لەفەرهەنگی فەلسەفەی سەلیباشدا هاتووە: "شتێکە بە تایبەتی کە پێچەوانەی گشتییە و بۆ شتێک کە هی خۆیەتی بە تایبەتی خۆی خوڵقاوە و بە تەنیا بۆی جیا کراوەتەوە. (صليبا، ١٩٨٣: ل ٥١٤-٥١٥).

٢- گۆرانی و موزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی:

گۆرانی یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان. مرۆڤ بە کۆمەڵ چڕینی گۆرانی لە نێوان دوو واتای هونەریدا خۆی دەبینێتەوە، ژانرێک کە تایبەتمەندی تاکە کەسیی پێوە دیارە و خۆی لە گۆرانی شوان و لەوەڕگاکان دەبینێتەوە، ئەوەی تریان بریتییە لە گۆرانی چڕینی بە کۆمەڵ وگرووپی جۆرا و جۆر، کە گوزارشت لە کایەکانی نێو کۆمەڵگادا دەکەن.

زۆربەی داستانەکانی کورد چ قارەمانانە و چ سۆزداری بێ، شەوانە بە گۆرانی تاکە کەسی دەچڕدرێن.

چەندین گۆرانی تاکەکەسی داستان ئامێز و نیمچە داستان و قارەمانیی کورد و کەسایەتییە شۆڕشگێڕییەکان بە نەمری ڕۆڵی سەرەکیان لە خەباتی کورددا لە دژی و داگیرکەراندا گێڕاوە. (حيدر، ٢٠١٧: ل ١٤٠)

تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ دەبینین بوونی موزیک لەبۆنە ئاینییەکانی کوردانی کاکەیی (یەرسان) و کوردانی ئێزدیدا ڕۆڵێکی کارایان لە بەرز ڕاگرتنی ژیان و ژیاری دنیایی و ئاینییدا بینیوە و ئەوەی جێی سەرنجە کاراکتەری زاڵی موزیک لەو بۆنانەدا موزیکێکی خەمناک و ئازاربەخش نییە بەڵکو کارەکتەرێکە کە بە زیندوویی و تیشکدانەوە ناسراوە، ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا شایەنی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەردەوامە.

موزیکی میللیی کوردی، کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک موزیکی گەلانی دیکە و هەرکەسێک شارەزایی لە موزیکی گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیادا هەبێت دەتوانێت موزیکی کوردی لە موزیکی عەرەبی و فارسی و ئەرمەنی و تورکی جیابکاتەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە نێوان موزیکی کوردی و دراوسێ و هاوسێکانیدا لە ناوچەکانی نزیکی کورد کاریگەری و لێکچوون هاوتەریبییێک لە ڕێگای ئاوازدانەرانو گۆرانیبێژانەوە نەبێ، لێرەدا دوو تێبینی گرنگ هەن کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ:

یەکەمیان: لە نێو میتۆلۆژیای کوردیدا، موزیک چ وەک ژەنینی سۆڵۆ و چ بە یاوەری گۆرانی چڕیندا، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە.

دووەمیان: کاتێک موزیکی کوردی بەتاک و ڕووتەڵەکی دەبیسترێت و بەبێ ئەوەی گۆرانی یاوەری بکات.  تایبەتمەندییە دەنگی ولێکەوتە دەروونییەکانی باشتر دەردەکەوێت. بۆیە لێرەدا چێژەکەی پێویستی بەپلەیەکی بەرزی تێگەیشتن و جوانی دەربڕین و  توانای پێشکەوتوو هەیە، ئەم شێوازە لە نێو بژاردەی چینی ڕوناکبیرانی کورد ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوەی هەیە.

٣- موزیکی کۆنباو:Traditional music

چەمکی موزیکی کۆنباو: ئەم موزیکیە بە تێڕوانینێکی گشتیی وهەر لەوکاتەی کە بەرهەم هێندراوە، بە شێوەیەکی هاوبەش دادەندرێت وتا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. بۆیە ئاوا بەناوبانگە وبەبەردەوامی لە ناوچەکەی خۆی ولە لایەن خەڵکی ناوچەکەدا دەژەنرێ ودەچڕدرێت وبە شێوەیەکی گشتیش خاوەنەکەی نادیارە.

زاراوەی موزیکی کۆنباو زۆرجار وەک پۆلێنکردنێکی فراوان لە ژانرەکان بەکاردەهێنرێت، کە جیاوازن لەگەڵ موزیکی کلاسیک وفۆلکلۆری، هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ژانرانەی کە لەسەر بنەمای هیچ یاسایەکی تیۆری یاخود لەسەر هیچ ئامرازێکی بازرگانیکردنی بە کۆمەڵ دروست نەکراوە. سەرهەڵدانی زانستی موزیکی نەژادیی، ڕێگاخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی چەمکی موزیکی کۆنباو لە نێوان ئەم چەند چەمکەدا، موزیکی ڕەسەن ئاماژە بە موزیکی گرووپە نەژادییەکان دەکات، کە دواتر ناوچەکەیان لەلایەن کۆچبەران وهێرشکەرانەوە داگیرکراوە.

٤- چوارخشتەکی: ئەو ئاوازانەن کە ژمارەی بارەکانیان چەندجارەی هاوبەشی ژمارە چوار بێت وەکو: ٢٠،١٦،١٢،٨،٤ بەرەو سەرەوە.

## سەرچاوەکان

**کتێب:**


- ابن منظور ، لسان العرب ، ج8 ، الدار المصرية للتأليف والنشر،١٩٨٣م.
- اسكندر نجيب، معجم المعاني للمترادف والمتوارد والنقيض من أسماء وأفعال وتعابير، مطابع الزمان, بغداد ،١٩٧١.
- الجاوشلي ، هادى رشيد : الحياة الاجتماعية في كردستان ، مطبعة الجاحظ ، بغداد، 1970.
- الجاوشلي، هادي رشيد، القومية الكوردية وتراثها التاريخي، مطبعة الارشاد، بغداد ١٩٦٧.
- الجزراوي، أحمد، عن مقدمة كتاب اصوات والحان كوردية، دراسة في الطبيعة السوسيولوجية والموسيقية لاصوات غنائية والحان كوردية ، دار سثيريز للطباعة والنشر ، مطبعة حجى هاشم ، ٢٠٠٦.
- الجزيرى ، علي، الادب الشفاهي الكوردى بحوث رابطة كاوة للثقافة الكوردية، أربيل ، كوردستان العراق، طبعت في بيروت، ٢٠٠٠.
- جمال، رشيد احمد، تاريخ الكرد القديم، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، ١٩٩٠.
- الحافظ ، منير : التراث في العقل الحداثي بحوث في فلسفة القيم الجمالية ، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع الاولى ( ط ١ ) دمشق، ٢٠٠١.
- حصاف ، اسماعيل محمد ، كوردستان والمسألة الكردية ، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر ط 1 مطبعة خانى دهوك، ٢٠٠٩.
- حيدر، عمر، أدب الفولكلور الكردي، العدد الثاني،أب/ أغسطس ،٢٠١٧.
- الخليل، احمد محمود، الشخصيه الكرديه دار موكرياني للبحوث والنشر، الطبعه الأولى، اربيل ،٢٠١٣.
- ديتر كريستنسن (نيويورك الولايات المتحدة الأميركية – برلين ألمانيا)

  مؤتمر الموسيقى في العالم الإسلامي. أصيلة، 8-13 آب (اغسطس)٢٠٠٧ الترجمة عن الإنكليزية: سوزدار تمو
- رسول , عز الدين مصطفى , دراسة في الادب الفولكلوري الكوردي , دار الثقافة والنشر الكوردية , دار الحرية للطباعة بغداد، ١٩٧٠.
- زاكس، كورت، تراث الموسيقى العالمية، ترجمة سمحة الخولي، دار النهضة العربية ١٩٦٤ القاهرة، محمد، گونا قادر.
- صليبا، جميل , المعجم الفلسفي، ج2، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٣.
- طارق حسون فريد، العلاقة بين الكلمة واللحن في بعض صيغ التراث والموروث الموسيقي العراقي،المجمع العلمي العراقي ، ١٩٩٨.
- العمر، معن خليل، علم اجتماع الفن، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان،١٩٩٩.
- عمران، محمد، دراسات في الموسيقى المصرية، تأسيس نظري وتطبيقات عملية، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ٢٠٠٦.
- فايد، رجائي، تحولات الشخصية الكوردية نحو الحداثة ، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق ، جامعة دهوك ( ط 1 ) مطبعة خاني ، دهوك ٢٠٠٨.
- فرهاد پیربال مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی- خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٠.
- كمال، صفوت، مدخل لدراسة الفولكلور الكويتي، وزارة الاعلام، ط٢، الكويت ١٩٧٣.
- محمد، حسن عبد الله، التراث في رؤية عصرية، مؤسسة الاسراء للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٨.

- الهاشمي ، عادل ، اصوات والحان كوردية ،( دراسة في الطبيعة السوسيولوجية والموسيقية لاصوات غنائية والحان كوردية ، دار سبيريز للطباعة والنشر ، مطبعة حجى هاشم ٢٠٠٦.
- هاوزر، ارنولد، فلسفة تاريخ الفن، ترجمة، رمزي عبده جرجس، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ١٩٩٠.


**توێژینەوە:**


- اغا, ميادة جمال الدين: أثر التراث الموسيقي الشعبي على تدريس مادة الصولفيج العربي لطلاب كلية التربية النوعية , رسالة ماجستير غير منشورة , جامعة طنطا , جمهورية مصر العربية،٢٠٠٣.


**گۆڤار**:


- (الحوار) مجلة ثقافية فصلية حرة تهتم بالشؤون الكردية وتهدف الى تنشيط الحوار الكردي العربي السنة السابعة عشرة _العدد (64) ٢٠١١.
- توفيق ، زرار صديق ، الموسيقى الكردية في العصر الوسيط، مجلة زانكو ، مجلة العلوم الانسانية ، جامعة صلاح الدين ، أربيل ، العدد ٤٤ ، لسنة ٢٠١٠ ، عن رسائل اخوان الصفا.
- طارق حسون فريد، الحان الطبيعة وانغام الحياة، مجلة الاكاديمي، العدد ٣١، ٢٠٠١.
- محمد، عزيز شاكر، لقاء حول واقع الموسيقى الكردية في كوردستان اجراه الباحث ،مجلة ميرك، العدد ١، لسنة ٢٠٠٥.
- محمد. گونا قادر، محمد، كونا قادر، البناء الشكلي للأغنية الكردية، مجلة كلية التربية الاساسية، العدد الستون، بغداد، ٢٠٠٩.


**سایتەکانی ئەلکترۆنی**


- http//www.almaany.com
- https://en.m.wikipedia.org/wiki/Category:Traditional_music
- https://saqya.com/
- https://thelevantnews.com/2021
- https://www.ktb.gov.tr/EN-98640/traditionallocal-music.html

# الخصائص الفنية للاغاني والموسقى التراثية والشعبية الكوردية

**امانج غازى شاكراغا**
قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين-اربيل
amanj.shaker@su.edu.krd

**محمد عزيزشاكرزاز**
قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين-اربيل
mdzaza@hotmail.com

**محمد عبد الله كاكەسوور**
قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل
makakasur@yahoo.com

**ملخص**

تتحدد هويات الناس من خلال اللغة والفن والفولكلور والتقاليد والتاريخ، وبطبيعة الحال، فإن هذا الموضوع الحي يشمل الشعب الكردي أيضاً، الذي يلعب فيه الالتزام الصارم بتقاليد وميراث أجدادهم دورا مهما، وتمشيا مع العديد من العادات والأخلاق التي كان لها علاقة كبيرة بالموسيقى والغناء، فإن الغناء الكردي، باعتباره حاملا لجميع المعاني الفنية للمواضيع المتعلقة بقوام الموسيقى والغناء التراثي والشعبي الكوردي، والذي يرمز إلى اتساع نطاق البيئة الكردية وطبيعة بلدها وخصائص شعبها. لهذا السبب أصبح هذا الفن جزءا من الواجب الوطني والتعبير عن الشخصية الكردية. تحتل الأغنية نطاقا واسعا ومكانة بارزة في الأدب الشفاهي الكردي، نظرا لعلاقتها القوية بالأحداث الكردية وفي التعبير عن سعادة أفرادها ،وكذلك بأحزانها وآلامها. ويقدر هذا النوع من الفن، الذي يعني فن الأغنية، لأنه رافق وظهر مع تنمية الوعي الكردي التي نشأت في المقام الأول ثم توسعت لتشمل الجوانب الاخرى الدينية والاجتماعية والثقافية أيضاً، لذلك لعب هذه الجوانب دورا مهما ومؤثرا في سلوكه وثقافته، ونحن كموسيقيين نتحمل مسؤولية حماية وتنمية روح الموسيقى الكردية من خلال العمل الفني والكتابة والأنشطة العلمية والأكاديمية والتعليمية. وبطبيعة الحال، فإن هذا كله بشكل عام يقع ضمن منظور هوية التراث الكردي الأصيل والموسيقى الوطنية. لأن هذا العنصر يختلف عن تحريره أو رفضه بشكل عام. لذلك ، نحتاج إلى معرفة ماهية الفولكلور وقراءته بعناية ثم إحياءه عصريا وحداثويا وذلك بناء على فهم محتواه ومفاهيمه.

**كلمات مفتاحية:** الموسيقى، الأغاني، التراث، الشعبي، الكورد

# Artistic Characters of Kurdish Songs and Musical traditions

**Amanj Ghazi Shaker Agha**
Deparment of Music Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil
amanj.shaker@su.edu.krd

**Mohammed Aziz Zaza**
Deparment of Music Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil
mdzaza@hotmail.com

**Mohammed Abdullah Kakasur**
Deparment of History, Art Colleg, Salahaddin University-Erbil
makakasur@yahoo.com

**Abstract**

Language, art, folklore, cultural heritage and history of people are part of their living traditions and activities. Kurds, such as other societies and nations, have their own cultural legacy that is deeply rooted in their identity. Kurdish songs, and music in general, carries several cultural characters that reflects the physical environment, in which the Kurds live, and personalities of the people. For such reasons, Kurdish songs convey a wealth of cultural traditions, and occupies a large space whin Kurdish art and oral traditions. Thus, songs and singing reflects the character of Kurdish identity. Kurdish traditional songs are present is almost all cultural gatherings. There is a strong relationship between singing and reciting traditional songs within the contexts of happy occasions and sorrowful events. Consequently, it has been suggested that Kurdish songs are as old as Kurdish history. Songs have had a big role and manifestation in Kurdish evolution; and had a functional part in societal and cultural gatherings throughout history. Through our activities, as musicians, academic, scientific professions and as educational individuals, we have the responsibility of preserving such treasure of our culture and traditional identity. Dealing with this kind of culture and heritage, no matter how delicate the subject is, needs carefulness and delicate procedures. Therefore, we need to understand what folklore is and how it has been evolved in the past. Once these understandings and concepts are comprehended, we can modernise its forms in new ways and customs.

**Keywords:** music, songs, heritage, folk, Kurdish.